# گازەنگی شەڕ و کەمینەی هونەر

ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

**کلیلی بابەت:**
هونەر، پۆست مۆدێرن، ئەنستلەسیۆن، شەڕ، ئەمنەسوورەکە، کتێب، سندووقی فیشەک، کتێبخانە، مۆدێرنیزم، فیوچریزم(Futurism)، کۆمەڵگا، بەردەنگ.



کە ئاوڕێک لە داهێنان بدەینەوە و لە سەروو هەموویانەوە بپەرژێنەسەر هونەر و ئەدەبیات، دەبینین کە لە دۆخی خوێن ڕشتن و خوێن ڕژاندا، بەگشتی دوو چەشنە هونەر و ئەدەبیات سەرهەڵدەن کە دەکەونە نێو قۆناغی بەربەرەکانیکردن و بەرگری و ڕاستەوخۆ دەچنە ژێر کاریگەریی ڕووداو و قەیران و کارەساتەکاندا. لەم دۆخەدا گشت شتێ دابەش دەبن. هونەر و ئەدەبیاتیش هەر ئاوا بووە. هونەر و ئەدەبیاتێکی کە پاڵ بە بەرەی وڵاتپارێزییەوە دەدا (هونەر و ئەدەبیاتی بەڵێندەر)، ڕەنگوبۆی جۆرێک ناسیونالیستیی هەیە کە ئەمەش زۆربەی جاران خۆی لە بەرەیەکی ئایدیالۆژیکی، یان باشترە بڵێم خۆی لە حیزبێکدا دەبینێتەوە. لە لایەکی دیکەوە هونەر و ئەدەبیاتێکی کە ئازادە و خوازیاری ئازادیشە و جاروبارەش بە چاوێکی عاتیفییەوە سەیری بەرەیەک لە بەرەکانی شەڕ دەکا. سرووشتییە کە لە هەر دوو چەشنی ئەدەبیات و هونەردا، واتە لە ئەدەبیات و هونەری **"ئایدیالۆژیکی - حیزبی"** و هونەر و ئەدەبیاتی **"ئازاد و ئازادیخوازانە"**دا گەلێ بەرهەم بە ناوەرۆکی فیداکاری و خۆڕاگریی و تەنانەت گیان بەختکردن (نەک بە واتا ئایینییەکەی) وەبەرچاو دەکەوێ. بەڵام بەم جیاوازییە کە هونەر و ئەدەبیاتی ڕووەو ناسیونالیستیی دێت خۆبەختکردن و مردن و بەخەسارچوون لە پێناو ئامانجە نژادی و ئایدیالۆژیکیی و هەر وەک ئاماژەی پێکرا تەنانەت جاری وایە لە ئاستێکی بەرتەسکتریشدا ستایش دەکا واتە لە ڕێی حیزبایەتیدا. کەچی لەوبەری دیکەوە، بەری هونەر و ئەدەبیاتی ئازاد، ڕێز دەگیرێ لە بەرگری و فیداکاریی یان ڕزگاریی لە چنگی داگیرکاری و هەروها کارەساتەکان دەگێڕێتەوە، لە هەمانکاتیشدا دژ بە دواکەوتوویی و مەرگی هونەر رادەوەستێ.

بەرهەمە هونەری و ئەدەبییە ئایدیالۆژیکییەکان کە هەر وەک لە سەرەوە باسی لێوەکرا، بە ڕەنگوبۆی **ناسیونالیستیی – حیزبییەوە**، زۆربەیان بایەخێکی هونەری و ئەدەبیی ئەوتۆیان نییە و بەرهەمەکانی ئەم چەشنە هونەرانە تەمەن کورتن و لەژێر پرسیاردان، تا ئاستێک بڕ دەکەن کە حیزب لە سەر پێ بێ و بە هۆی مەترسییەکانیەوە لە دۆخی بەربەرەکانیی دابێ دەنا بە نەمانی حیزب، کاڵبوونەوەی درووشمەکان، بە ڕەوینەوەی کەشوهەوای بەربەرەکانیکردن ئەم چەشنە هونەر و ئەدەبیاتەش دەدۆڕێ. لە ڕاستیدا واتاگەلێکی وەکو لەخۆبوردوویی و بەرگری و خۆڕاگریی لەم بەرهەمانەدا (هونەری سەر بە ڕێبازی حیزبی) کەڵکی خراپیان لێوەرگیراوە و ئەو شتەشی کە پڕوپاگەندەی بۆ دەکرێ هونەر و ئەدەبیاتی بەرگریکار و خۆڕاگریی نییە، بەڵکو دروشمخوازە و سوک و ساکار، لە درێژماوەدا بۆ بە گەمژەکردنی بەردەنگ و خوێنەرەکانییەتی، بۆ ئەوەی دنەیان بدا ژیان و ماڵ و سامانیان لە سەر دەسەڵاتێکی کە لە داهاتوودا لە دۆخی بەربەرەکانیکردن دەردەچن و خۆیان دادەسەپێنن یان بۆ دەسەڵاتێکی لەم چەشنە بدۆڕێنن.



زانا رەسوڵ

بە گشتی ئەم شێوە تێڕوانینە ناتوانێ بچێتە پاڵ ئەم بیروڕا و روانینە بۆ هونەر کە دەکرێ پێگەیەکی گونجاو بێت بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و دژایەتیی کردن لەگەڵ شەڕ. ئەم دیدە روانینێکی داخراو بووە و هەیە بۆ شەڕ و هەڵئاییسانی شەڕ. بۆ نموونە لە تەڤگەڕی **فیۆچریستی** کە لە ئوروپا و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا. ئەم رێبازە لە **ئیتالیا**، بە رێبەرایەتیی **"فیلیپۆ مارینێتی"** کەوتەگەڕ و شەڕی وەک ژێدەری وزە و ئاوردووی ئیلهامی بەرهەمە هونەرییەکان سەیر دەکرد. بە پێی بۆچوونی فیۆچریستەکان ئەگەر هونەر بۆ داهێنانی هونەریی پێویستیی بە وزە هەیە، باشترین شوێن بۆ وەڵامدانەوە بەو پێویستییە - شەڕە، لە مانیفێستی لایەنگرانی مارینێتیدا هونەر دەیتوانی بە هیچ دابنرێ بەڵام، ئەگەر هەڵگری توندوتیژیی بێ، هەڵگری دڵڕەقی بێ، ئەگەر ناعەدالەتی ئاراستەی بەردەنگەکانی بکا ئەوکات بایەخی پێدەدرا. لەبەرامبەر ئەوەدا تەڤگەڕی هونەریی دژە شەڕیش لە هەمبەر بزووتنەوەی فیۆچریستەکاندا سەری هەڵدا. بۆ رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بیر و ئەندێشەی شەڕخوازان و سڕینەوەیان لە لاپەڕەی کتێبە هونەرییەکاندا کەوتە گەڕ. بەڵام دەشبێ بزانین کە هیچ جووڵەیەکی سیستماتیک و هاوئاهەنگ لەوەی لە بەرەی فیۆچریستەکاندا روویدا لە هونەری هاوچەرخدا نەبیندرا. بڵێی هۆی ئەمەش کۆتایی هاتنی راگەیاندنی مانیفێستەکان و هەروەها گۆشەگیربوونی هونەرمەندانی هاوچەرخ بێت؟..



نووسەر و هونەرمەند و رەخنەگر و بەرەی گەنجی چالاک و بەگشتی هەموو رووناکبیرانی کوردستان چالاکییەکانی خۆیان لە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و نالەباردا و پاش متبوونی شەڕی ناوخۆ دەست پێکردەوە. لە نێو ئەم توێژەشدا بەشێکی هەرە زۆری هەڵگرانی نێوی نوخبە رووناکبیر (مەبەست هی باشووری کوردستان) کە سەردەمایەک زۆر دیار و بەرچاو بوون، گیانیان لە شەڕدا بەخت ببوو یان لە سەرانسەری جیهاندا پرش و بڵاو ببوون. کەچی ئێستای پاش شەڕ دەبوو کۆ ببنەوە. بەڵام بەگشتی لە گۆڕەپانی بیرکردنەوە و هونەردا گوڕوتینی چالاکیی هونەریی لە غیابدا بوو و کەمایەسییەکی بەژان و بۆشاییەکی زۆریش هەست پێدەکرا. هەروەها کێشە و ئاستەنگی زۆر بەرۆکی ژیانی کولتووریشی گرتبوو. پاش شەڕ، پێویستیی بە شوێنێکی سەقامگیر و هێمن هەبوو کە بە شێوەیەکی خێرا لەدایک ببێتەوە. بەڵام داهاتوویەکی تەواو لێڵ و رەشچاوەڕوانی دەکرد. بەر لە هەموو شتێ یەکەم باسێکی گشتی کە بە چەشنێکی حاشاهەڵنەگر سەری هەڵدا، پێکدادان و دڕدۆنگییەکی ئاشکرا هەبوو لە نێوان گروپ و تەنانەت تاکە چالاکەکاندا، ئەویش بەشێکی هەرە زۆری ئەم دووبەرەکی و چەند بەرەکییە لە شاری ژێر دەسەڵاتی بەرەیەک (حیزب)ێک لە بەرامبەر ئەوی دی (شاری ژێر دەسەڵاتی ئەوی دیکە) بەشدار لە شەڕی گەرمی ناوخۆدا جێی خۆش کردبوو.

بە تەواویی سروشتیی بوو کە لە نێوان دوو گروپی دیار (گشت ئەو دەستە و تاکە کۆک و ناکۆکانەی لە یەکێک لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی دوو حیزب دان) لە رووناکبیران و هونەرمەندانی ژێردەسەڵاتی دوو لایەنی شەڕی پێشوو، جیاوازیی بیر و بۆچوون هەبێ. بەرچاوترینیان گروپی سەوز – گروپی زەردە کە رۆڵی سەرەکییان بۆ دابەشبوونی هەموو جووڵە و بیر و بۆچوونێک بووە، تەنانەت مەیل و جێژوەرگرتنەکانیش دابەش بوون. پێکهاتەی ئەم دوو گروپە:

1. **لە وڵاتانی دەرەوەی کوردستان بوون، کۆچکردووەکان.**
2. **هەر لە کوردستان بوون بەڵام کۆچی ناوخۆییان کردبووە.**

ئەمەی لێرەوە باسی هونەرێک و هونەرمەندانێک دەکرێ لە پاش شەڕی چەکداریی ناوخۆدا سەریان هەڵداوە یان لەگەرمەی شەڕەکاندا بوون و ئەمێستا بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی زاڵ هەلوێست و شێوازی هونەرییان گۆڕیوە.



لە ساڵەکانی پاش شەڕی چەکداریی کوردستان (لە باشووری وڵات) شاهیدی گەشە و بەرفرەبوونەوەیەکی بێوێنەی چالاکیی کولتووریی بووین. یەکێک لە دەرەنجامەکان کە باشتر روون بۆوە، پێگەی دیاری رووناکبیران و رادەی بڕوا بە بەرپرسیارێتیی و ئەرکوەخۆگرتنی ئەوان بوو لە هەمبەر شەڕی ناوخۆ و ئاکامەکانی پاش ئەو شەڕەدا. ئەگەر لە سۆنگەی

توانستی ئابوورییەوە سەیری بکەین دەبینین لەمپەری زۆری ئابووریی لە سەر ڕێی بنیاتنانەوە و بەدیهێناندا هەبوو بەڵام، دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و میدیای دەنگ و ڕەنگ (ئەگەرچی بە پاڵپشتی حیزبەکان بوو) بە کردەوە لە پڕ سەریان هەڵدا. گرووپی شانۆ و مۆسیقا پێکهاتن یان ڕێکخرانەوە. دەیان پێشانگەی شێوەکاریی و هونەرەکانی پەیوەندیدار بەم ژانرە و شانۆ و هتد کرانەوە و هاتنە سەر دەست و بیندران. لە وڵاتێکی کە لە رووی سیاسیی و ئابووری و پیشەییەوە ئیفلیج ببوو، لە یەکەم هەنگاویدا بە شێوەی لۆژیکی بۆ رازیکردنی برسێتیی ڕۆحیی دەرفەتێکی زیدەتری هێنا ئاراوە.

لە کوردستاندا بە هۆی گەڕان بە دوای شوناس، ناوەڕۆکی فیداکاریی و ژیان بەختکردن زیاتر لایەنی بەرگریکردن و دژە شەڕی بەخۆوە گرت. تەنانەت هەوێنی ئەم ناوەڕۆکە لە حیزبەکانیش هەڵدەوێنجرا. لەخۆبوردوویی هەلوێستێک بووە بە دژی شەڕخوازیی داگیرکەران یان لەخۆبوردوویی لە بەرامبەر ماڵوێرانیی شەڕی ناوخۆ. هەر وەک پێشتر باسی هات هونەر و ئەدەبیاتیش بۆ بەرخۆدان لە بەرامبەر لایەنی ناوخۆ و لایەنی داگیرکاردا، پێگەیەکی جێمتمانە و بە بڕشت بوو (لێرەدا مەبەست هونەر و ئەدەبیاتی جەماوەرییە). لە پێداهەڵکوتنی شیعرەوە بگرە تا دەگاتە ستایشکردنی لایەنێکی شەڕ و گێڕانەوەی پاڵەوانێتی و تۆمارکرانی گۆرانی و سروود. هەشبوو کە شەڕی سەرکۆنە دەکرد، لە ئاشتی و مرۆڤپارێزیی دەدوا. ئەمەی تا ئێرە شوێن و کاتی گەرمەی شەڕ بوو...




لێرەوە دەست پێدەکەین:

**کات:** پاش شەڕی چەکداریی
**شوێن:** ئەمنەسوورەکە (مۆزەخانەی ئەشکەنجە و کوشت و بڕ)
**پێشانگەی هونەری ئەنستلەسیۆن:** "یادەوەریی و جەنگ"
**بەردەنگ:** بیرەوەریی سەردەمای شەڕی چەکداریی و نەوەی پاش شەڕ.

**سندووقی فیشەک:** یەکەم ڕوانین بۆ کەرەستەی **"سندووقی فیشەک"** ئاماژەیە بۆ ئاوردوو و تەقەمەنیی شەڕ، ئاماژەیە بۆ خوێن ڕژان و خوێن ڕشتن، ئاماژەیە بە سووتمان و کوشتن و کوژران، ئاماژەیە بە کارەساتی مرۆڤی...



**کتێب:** **بەخشێنەری مەعریفە** (بە هەردوو رووی نیگاتیڤی یان پۆزەتیڤییەوە)، **هەڵگری لایەنی پەروەردەکارییە،** لێرەدا دەکرێ پەروەردەکاری فکری پێکدادان و بکەری شەڕ یان دژە شەڕ بێ. کتێب لەم پێگە نوێیەیدا زۆر دوورە رووە پۆزەتیڤەکەی وەدیار بکەوێ، لەبەر ئەوەی شوێنی پاراستن یان نواندنی لە شوێنێک (سندووقی فیشەک) دایە کە بێجگەلە چەخماخەی شەڕ ناتوانێ ببێتە هیچ ئاماژەیەکی دیکە. تەنانەت سندووقی فیشەک بە پاڵپشتی شوێنی بەڕێوەچووونی **"یادەوەریی و جەنگ"** بەتەواویی بەردەنگ سوور دەکا لە سەر گرێدانی سیمبول لەگەڵ رووداوە دوور و نزیکەکان کە بابەتی کتێبخانە دواتر باسی زیاتری لەسەر دەکرێ.

**کتێبخانە:** لە یەکەم روانین بۆ بەرهەمی **"یادەوەریی و جەنگ = کتێبخانە"** شوناسی **سندووقی فیشەک** زاڵە و بە پالپشتیی شوێنی دانانی کتێبخانە (ئەمنەسوورەکە) دەکەوێتە ناوەندەی سەرنج و تەعبیری زاڵی شەڕ و کوژران. **کتێب** بە هیچ کام لە لایەنەکانییەوە ناتوانێ و هەڵبەت ناشیهەوێ ئەم شوناسە بسڕێتەوە.

**ئەمنەسوورەکە:** شوێنی هەڵگری مێژوویەکی نەزۆر دووری بەندیخانە، شوێنی ئازار و ئەشکەنجەکران و خۆڕاگریی، شوێنی هەڵگری کارەسات کە مرۆڤ تۆماری دەکا. بۆیە دەلێم ئەمنەسوورەکە دەبێتە پاڵپشتێک بۆ دەرەنجام وەرگرتن لە پێکهاتەی کتێبخانە، لەبەر ئەوەی جیا لە ئاگاداربوونی بەشێک لە بەردەنگەکان لە شوێنایەتیی شوێنی بەڕێوەچوونی پێشانگاکە (ئەمنەسوورەکە)، بەشێکی دی لە بەردەنگەکانیش ئەگەر ئاگاشیان لە شوناسی شوێنی بەڕێوەچوونی بەرهەمی ئەنستلەسیۆنی بەر ئاماژە نەبێ، لانیکەم هەر کە هەنگاو دەنێنە نێو فەزای پێشانگاکە هەموو نیگاکان پڕ دەبن لە شوێنی فیشەک بە داروديوارەوە، پڕ دەبن لە داڕووخاویی لادیوار و پەنجەرەکان، چندراویی تێل دڕوو، ریزبوونی تانگ و تۆپ و مین و گوللە هاوەن و ژوورە تاکەکەسییەکان بە تەواویی بینەر لە خۆیاندا نووقم دەکەن و بێجگەلە شەڕ و وێرانی و ئازار و ئەشکەنجە مێشک ناتوانێ بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکاتەوە، لێرەوەیە کە بەشێک لە پێکهاتەی کتێبخانە واتە **"سندووقی فیشەک"** بەتەواویی ناسنامەی خۆی دادەسەپێنێ.

بەرهەمی ئەنستلەسیۆنی **"یادەوەریی و جەنگ"**ی هونەرمەند زانا رەسوڵ- لە یەکێک لە هۆڵەکانی **ئەمنەسوورەکە** (هەڵگری مێژووی نوێ)، بەر لە هەموو شتێ بەردەوە سەردەمای شەڕ و کوژران و ئازار و ئەشکەنجەکران. بەرهەمی **"یادەوەریی و جەنگ"** بە هۆی هێمای سندووقی فیشەکەوە بەردەنگ دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمای پێکدادانە خوێناوی و ئاگراوییەکان، بە وینەکردنی سەرسوورماوی و دڵەراوکێی بارودۆخ و دەرەنجامەکانی شەڕ و **کتێب** جیا لەو مانا گشتییەی کە بۆ خوێندەواریی و هتد هەیەتی، هێمایەکە بۆ سەردەمای پاش شەڕ کە دەرفەت بە مەعریفە دەدا هەتا دوو جۆر زەمینە بڕەخسێنێ. لێرەدا هێمای **سندووقی فیشەک** و **کتێب** بەیەکەوە لە کتێبخانەدا بە روانینێک و لە رووی ئەخلاقی و کولتوورییەوە وەکو پینەیەک وان بە کۆمەڵگاوە (لایەنی پەروەردەکاریی کتێب بۆ نموونە شەڕ) - ئێستاش کوانووی ئەو ئازارەی شەڕ لکاندی و ئەو زانستەی لە توێی کتێبدا ئاوردووی شەڕی بەرهەم هێنا لە مەترسی کولانەوە دایە. بەرهەمی **"یادەوەریی و جەنگ"** لە هەر کوێیەکی دنیادا نمایش بکرێ بە گشتی ئاماژەیەکە بە شەڕ و ئاگر و خوێن و باڕووت. بەڵام لەو کۆمەڵگایەی ئاراستەی بینەری کراوە کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی تایبەتە بە رابوردوو و ئێستاشی تایبەت بە خۆی کە لەوانەیە لە ژینگەیەکی دیدا ئاراستەیەکی دیکە بە خۆیەوە بگرێ یان بازنەی هێمای گەڕانەوە بۆ سەر رووداوەکانی پێشوو و ئێستاکەی گەورەتر یان بەرتەسکتر بکاتەوە.

ئەم بەرهەمە لە رووی واتاییەوە رەنگبێ هەوڵ بدا خوێندنەوەی بەرەیەکی گەنج دەربخا کە نایەوێ بکەوێتە خەوی گێلی و مەنگییەوە. سەرنجڕاکێشییەکی قووڵی کە ئەم بەرهەمەی "زانا رەسووڵ" بۆ سەردەمی هەنووکە هەیەتی: **"لایەنگریی و مەیلی گشتییە"** کە هەمووانی بەشداربوو دەباتەوە بۆ ناڕەواییەکانی شەڕ. بەرهەمی **"یادەوەریی و جەنگ"** وەبیرهێنەرەوەی پێویستی ترین پرسی رۆژە واتە وشیارکردنەوە لە هەمبەر زیندووبوونەوەی کارەسات یان بەواتایەکی دی سڕینەوەی شەڕ و کوشتار و مرۆڤ خەسارکردنە..

پێشتریش لە شێوەی هەڵوێستی لەم جۆرەمان لە کوردستاندا هەبووە، هەڵبەت بە ستایلێکی جیاوازەوە



کە لە گەرمەی شەڕدا بووە. یان لەم چەند ساڵەی دواییدا ژانرەکانی دی هەڵیان گرتووە کە دەچێتە خانەی پاش شەڕی چەکدارییەوە. لە یەکەم نموونەکانی پاش شەڕ کە زیاتر لایەنی وەسفکردن یان رەخنەگرتنی هەبووە، هەوڵ دراوە لە رووی ستایل و جۆری ئیش کردن و دارشتنی هونەرییەوە خۆ لە قەرەی توخمە **پۆست مۆدێرنیست**ییەکان بدا. بەتایبەتیی کارە شانۆییەکانی گروپی شانۆی " **با** ". یان لە کاتی لەسەر پێبوونی تفەنگەکان لە شەڕی ناوخۆدا گروپێ لە شێوەکاران بە سەرپەرشتیی **ئیسماعیل خەیات** هەڵوێستیان بەمجۆرە نیشاندا کە لە نێوان زەرد و سەوزدا دەیان رەنگی دیکە هەن. ئەمان هەوڵیان داوە هەتا لە پێگەی هونەرەوە بتوانن درک و تێگەیشتنێکی گونجاو جێگیر بکەن لە بەرگری و لەخۆبوردوویی و ئەنجامە خەفەتبار و تەماوییەکانی شەڕ. ئەم چەشنە هەڵوێستانە ئەم وتەیەی **"هانریش بێل"**ی نوسەری ئەڵمانیم وەبیر دەخاتەوە کە لە بیرەوەرییەکانی شەڕی دووەمی جیهانیی خۆیدا نووسیویەتی، هاوڕێ لەگەڵ ئەوانی دی، لە دەروبەری خۆیاندا بێجگەلە وێرانی و خاپووربوون هیچی دیکەیان نەدیوە، هەر بۆیە بە ناچاریی لە ویرانبوون دەدوان.

لێرەشدا فکری پشت **"یادەوەریی و جەنگ"** بە بەردەوامیی مەترسیی دوورکەوتنەوە و بیرنەکردنەوە لە وشیاریی، مەترسیی زیندووکردنەوەی پێکدادان و کارەساتەکان دەبینێ.

ئەوەی کە بە بارتەقای مێژوو شەڕە قورس و گرانەکان کاریگەریی مەزنیان لە سەر هونەر و هونەرمەندان و فەزای هونەرییدا هەبووە، کوردستانیش بێبەریی نەبووە لە هیچ کام لە دەرەنجامە کارەساتاوییەکاندا. هەر بۆیە هونەرمەندی **"یادەوەریی و جەنگ"**یش شتێک لە چەشنی ئیمان و بڕوا لە بەرامبەر هاوچەشنەکانی خۆیدا هەست پێدەکا، چەشنێک متمانە لە هەمبەر ئەو شوێنەی کە هی ئەوێیە، بۆیە لە واتادا لانیکەم ئەوە زەق دەکاتەوە کە هەستی دژەشەڕ لە ناخەکاندا بپارێزرێ.

لە لایەکی دیکەوە دەکرێ بە سەرنجدان بە باگراوەندی فکری و خەسلەتە نەگۆڕەکانی کۆمەڵگای کوردیی، ئەم کارە هونەرییە ئەم خوێندنەوەیە پێشنیار بە بەردەنگ بکا کە سیاسەتی نێو کۆمەڵگای بەردەنگ و سیاسەتی رابوردوو بە گشتی، لە ژێر پرسیار دایە کە لەم شوێنەی ئەم نووسینەی تێدا روودەدا بەرهەمی بەر ئاماژە، تەواوی هەوڵی ئەوەیە یان بە ئاراستەیەکدا دەڕوا کە کەشوهەوایەکی کولتووریی ئاڵۆز و گرژ و نائارام بۆ سیاسییەکانی ئەم چەشنە خەسلەتە جێگیر بکا. چونکە هێزی درکی هونەریی دەتوانێ رەهەندێک بێ کە مرۆڤ بە یارمەتیی ئەو ئەو رەهەندە بەر لە هەموو شتێ ببێتە خاوەنی شعور و پاشانیش دەیپاڵێوێ. ئەم درککردن و شوێندانەربوونە رادەکەی لە هونەرمەندەوە بۆ بەردەنگ و بە پێچەوانەوە دەگۆڕدرێ. بەتایبەتیی ئەگەر بەرهەمی سەردەست باسی کەشوهەوای توندوتیژیی بکا، لە قۆرغکاریی و دەستبەسەرداگرتن و خەیانەت بدوێ. واتە لە هەر شوێنێ مەترسیی لەئارادایە هەستەوەرەکان لە حاڵەتیی ئاسایی خۆیان دەترازێن و وشیارتر دەبن. خێراتر پەیام وەردەگرن یان دەینێرن. ئیدی مرۆڤ نابیستێ بەڵکو بە گورجوگۆڵی و بە خێرایی هەست پێدەکا و زەمینەش بۆ رووبەڕووبوونەوە دەسازێنێ. لەم بەرهەمە ئەنیستلەسیۆنەشدا کە یەکێکە لە خەسلەتەکانی ستایلی بەرهەمی هونەری پۆست مۆدێرنیستیی، بەردەنگ باگراوەندێکی هەیە و بەپێی کەرەستە یان کۆدەکانی بەرهەم دەگەڕێتەوە بۆ ئاماژەکانی رابوردوو و بە باشیی پەیوەندیی لەگەڵ بەردەنگ ساز دەکرێ. بەڵام ئەگەر بەردەنگ و بەرەی پاش شەڕ بە بێ نێونجی(زەمینەی مێژوویی پشتەوەی بەرهەم) یان ئاماژەکان، نەیتوانیبێ ئەزموون بکا بۆ درککردن، بە واتایەکی دی بۆ پەیوەندیی گرتن بە بەرهەمەوە دەبێ خەیاڵێکی یەکجار بەهێزی هەبێ و بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمێکی ئەنستلەسیۆن دەبێ لە شوێنی بەڕێوەچوونی بەرهەمدا ئامادە بێ.

بەم ئاماژە سەرپێیە هەر لێرەوە، لە واتا و ناوەرۆکی بەرهەمەوە هەنگاو دەنێمە نێو کارکرد و چۆنییەتیی بەڕێوەچوون و هەروەها توانستی ستایلی هونەریی **"یادەوەریی و جەنگ"**.



ئەگەر یەکێک لە روانگەکان بۆ ئەنستلەسیۆن بە واتای کەڵکوەرگرتن لە توخمە جۆراوجۆرەکان بێ، دەکرێ ببێتە یاریدەدەرێکی باش بۆ دەربڕینی ئەزموونی هونەرمەند لە

واتایەکی شەخسی و هەروەها لە شوێنێکی پێناسەکراودا. هونەرمەند بۆ بەرهەمهێنانی هونەریی دەتوانێ کەڵک لە هەموو ئەو شتانەی بەردەست وەربگرێ و لە کەشوهەوایەکی دیاریکراودا ئاراستەی بەردەنگەکەی بکا. لەم ستایلە هونەرییەدا هونەرمەند لە تەواوی ئەزموون و هەستەوەری بینەر سوود وەردەگرێ و لەبەرامبەر بەرهەمی کۆکراوەی خۆی دادەنێ. بینەر لەم رووبەڕووبوونەوەیەدا ئامراز و شتەکان و جاریواشە مۆسیقایەک دەبیستێ یان وێنەگەلێک دەبینێ کە لە ئەزموونی زەینیی و یادەوەریی خۆیدا واتە لە رابوردووی خۆیدا پەیوەندیی پێیانەوە هەبووە و ئەمجارەیان بە فۆرمێکی نوێوە زانیاریی گەلێک لە کۆی ئەوان وەردەگرێ. لەم هونەرەدا زەمان (پاش شەڕی چەکداریی –گرژی و هەڵچوونی چەکدارەکانی پێشوو) و فەزا (ئەمنەسوورەکە + سندووقی فیشەک) وەکو تەنیا فاکتەری نەگۆڕ و خاوەن شوناس وەبەرچاو دەگیرێ. لەراستیدا گەڕان و پشکنینی ئەزموونی زەینیی بەردەنگ لە زەمان (کاتێکە کە ململانێکان هەروا مەترسیدارن، لە سەر دەستی ئەو بڕوایەی کە کارەساتی ناوخۆیی خوڵقاند) و فەزایەک (شوێنی بەڕێوەچوونی کاری هونەریی) دایە کە دەبێتە تەواوکاری بەرهەمی هونەریی. سەرنجدان بە توخمی ئەزموون تاڕادەیەکی زۆر خاڵی سەرەکیی بەرهەمەکە پێکدێنێ. بینەری سوونەتییش ئەوەی لەبیر ناچێ کە ئەو لەدەرەوە هاتووە هەتا لە ئەزموونێکی خوڵقاودا لە لایەن هونەرمەندەوە بەشدار بێ. چاوەڕوانی و عادەتە کۆمەڵایەتییەکان کە بینەر لەگەڵ خۆی دەیهێنێتە فەزای ئەم پێشانگە ئەنستلەسیۆنە و هاوڕێ لەگەل لێکدانەوە و گەڕان لەبەرهەمەکەدا پەیامی هونەرمەند کامڵ دەکا. بینەر لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرهەمی **"یادەوەریی و جەنگ"**دا هاوکات هەم بینەرە و هەمیش تەواوکاری بەرهەمی هونەریی. بینەر لەلایەکەوە لێکۆڵینەوە دەکا لە بەرهەم (بوونی کتێب، سندووقی فیشەک و لە دواجاردا ئەمنەسوورەکە بە هەموو نیشانەکانییەوە وەک هێمایەک بۆ کارەسات و خۆڕاگریی) و لە لایەکی دیکەوە تێکەڵاو دەبێ لەگەڵ باگراوەندەکان و ئەو بیرەوەریانەی کە لە ناخیدا هەن، وەک سووتانی ئاوەدانی، کیمیاباران، ئەنفال، کۆڕەو، برسێتی، مردن، کوژران.. کە سندووقی فیشەک و شوێنی بەڕێوەچوونی پێشانگەکە دەیباتەوە بۆ ئەو سەردەمە.

داڕشتنەوەی **"کتێب+ سندووقی فیشەک = یادەوەریی و جەنگ"** لێکدانی تێڕوانینێکی مۆدێڕن و تێکنیکی مۆدێڕنە لەگەڵ سیمبوولی مێژوویی شەڕ و هەروەها کتێب کە بێبەرییە لە زەمان و هەموو قۆناغەکان وەخۆ دەگرێ، هەتا بەمجۆرە ڕێگە خۆش بکرێ بۆ پەیوەندیی سازکردن لەگەڵ زۆرینەی خەڵک و هەروەها لەگەڵ کەمینەیەک لە توێژی هەمان هونەر. بۆیە باسی زۆرینەی خەڵک یان بەردەنگ دەکرێ لەبەر ئەوەی شێوازەکانی دیکەی هونەری مۆدێرن وەکو ئۆبستراکت و سورریاکیزم و ئێکسپێرسیونیزم و کوبیزم و... نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی کاریگەر تەنانەت لە نزیکترین حاڵەتی خۆیاندا کەمترین پەیوەندییش ساز بکەن و ئەوەشی کە هەبووە لە لێڵیدا ماوەتەوە و کورتخایەن بووە. لەبەر ئەوەی کە بە گشتیی هونەری مۆدێرن بە سەرنجدان بە خەسلەتەکانی نەیتوانیوە پەیوەندیی کارای لەگەڵ پێش خۆیدا هەبێ و لێی دابڕاوە..
بەڵام ئەم بەرهەمی ئەنستلەسیۆنی **"یادەوەریی و جەنگ"** کە ستایلەکەی یەکێکە لە شەپۆلەکانی پۆست مۆدێرنیزم دەبێتە یەکێک لە پێشنیارەکانی هونەری پۆست مۆدێرن، واتە لە نێو فەزای سڕبوون و دابڕان و تەنانەت تۆران لە هونەر و داهێنان بەگشتی و هونەری مۆدێرن بەتایبەتیی، داڕشتنەوە و لە پەنای یەکدانانی دووجۆری یان چەندجۆرییە کە بەشێکی پەیوەستە بە رابوردوو و ئەزموونەوە، بۆ ئەوەی زۆرترین بەردەنگ دەستەبەر بێ و زێدەترین کاریگەریش بەجێ بێڵێ.
ئەم دوو جۆریی داڕشتنەوەیە وەکو دوو توخمی گرینگ وان بە دەستی پرۆژەی پۆست مۆدێرنیستییەوە



کە لە سەر دەستی هونەرمەندەوە دەتوانێ بە شێوەیەک دوو شێوازی کارکردن ئاوێتەی یەک بکا و وەک پرۆژەیەک لە لای یەکیان دابنێ (کتێبخانە) و لە لایەکی دیکەوە دەتوانێ بە شیوەیەکی کارا رەخنەیەکی راستەوخۆش بێ لە نوخبەخوازیی مۆدێرنیستیی، واتە بێ بڕشت یان کەم بڕشتبوونی شێواز و هونەری مۆدێرن زەق دەکاتەوە بۆ ئەوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی وا پێکبێ هەتا لەو ژینگەیەدا هونەر نەبێزراو بێ و لەگەڵی ئاشت ببێتەوە. هەروەها دەکرێ بڵێین کە شێوازەکانی هونەری مۆدێرن لە ژینگەی ئێمەدا سیمایەکی ناڕێک و ناخۆکردییە، ئەویش لە ژینگەیەکی دواکەوتوو و

هەڵوەشاوەی وەک هی کوردستان، واتە ئەو بێتاقەتیی و بێزراوییەی لە بەناو هونەرێکی مۆدێرن (کۆپی کردنی سەقەتی هونەری مۆدێرن) لە بەردەنگدا سەری هەڵداوە چەندین جار لە سەر یەک کەڵەکە بووە. چ ڕێچارەیەک بۆ ئەم شکست یان ناسەرکەوتوویەی هونەری مۆدێرن هەیە؟..

**پۆست مۆدێرنیزم** ئەو ڕێبازەی کە هەر وەک **مۆدێرنیزم** ئاوقای هونەری دەستەوەستانی کورد بووە و بێ ئەوەی هونەرمەند و بیرمەندی کورد ڕۆڵێکی لە گەشە و نەشەی ئەو ڕێبازەشدا هەبێ، ئەم پێشنیارە دادەسەپێنێ کە لە نموونەکانی بابەتی بەر باسی ئەم نووسینەشە هونەری ئەنستلەیسیۆنە، لەم ستایلە هونەرییەدا بەردەنگ دەتوانێ لە پرۆسەی خۆگرتن و سازبوون و تەنانەت کامڵبوونیشدا بەشداریی بکا و بە بەشداربوونەوە واتا بە هونەرەکە ببەخشن. ئەم شێوە -کارەی هونەری پۆست مۆدێرن دەتوانێ ئاماژەیەکی خێرا و تاڕادەیەک گونجاو بێ بە ژینگەی رووخاو و وێران و بێ کاریگەری یان کەم کاریگەریی هونەری مۆدێرن و شێوەکانی بۆ ئەم کولتوور و کۆمەلگایە زیاتر روون بکاتەوە کە دەتوانم بە گشتی ئاماژە بکەم بە: **خەمۆکیی کۆمەڵایەتیی و تاکیی، پیسی ژینگە، دووپاتەبوون و نەگۆڕبوون، چەقبەستوویی لە سەرلەبەری کولتووردا، توندوتیژیی و ململانێی سیاسیی، ژن کوژیی، ناتەبایی لە نێو بنەماڵە و کێشەی دەروونی و هتد.**
بەڵام پێویستە زۆر بە کورتی ئاماژە بەوەش بکرێ کە ڕەخنەیەکی زۆریش ئاراستەی ڕێبازی "پۆست مۆدێرنیزم"کراوە و لە زۆر شوێنیشدا نەیتوانیوە کەموکوڕییەکانی مۆدێرنیزم چارەسەر بکا و هەروا بێ وەڵام هێشتوونێتییەوە..

**